www.kurdistannet.org

19-7-2006 14:00بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## فیرعەونەكانی كوردستان ... لیلی حان

ئەوانەی جەبەروت دەنوێنن مەرج نییە ئازایەتیان تیدا بێت بەڵام كەم فامی ودرندەیی خویان وایان لێدەكات جەبەروت بنوێنن ولەهەمان كاتدا لەدەریای ترسدا نقوم بن ورۆژگار وا دەكات دەربكەون ئەوەی بەسەر مەهاباد قەرەداغی هات لەكوردستان كەم نەبوو ئەزموونێكە بۆ هەموان بەتایبەتی سەرۆكی هەرێمەكە كە فڕ نەک هەر ئاگای لێ نەماوە بگرە هەر لەسەرەتاوە ئاگای لێ نەبووئەم كارەساتە چەندین وانەی بەپێز لە دوو توێی خۆی دەشارێتەوە.

مەهاباد قەرەداغی رەنگە تاوانی هەبێ تاوانەكەشی ئەوەیە چونكە بەئاسانی گەیشتە شانی نیچیرڤان، نەیزانی بیخوات، بەڵام تاوانی گەورە ئەوەیە كە لە كوردستاندا دەكرێ لەلایەن بنەمالەكانەوە، بابزانین بارزانی بۆ ئاگای لە میللەت نەماوە و گەندەڵی بۆ وا سەری لە عەرشی كردووە بۆ لەو ریبازە بەردەوام نەبوو كە میللەت پارێزی بكات و بەگژ گەندەڵیدا بچێت. مەسعود كۆمەڵە كەسێكی شێخ زانائاسای بەرەڵای گیان خەڵكی بێتاوان كردوەو كوردستانی لێیان حەرام كردوە.

سەرۆكی هەرێم یەكەم تاوانت ئەوەیە كەوا گەندەڵكارێكت كردوە بە بەربرسی نەهێشتنی گەندەلی كە محمدی مەلا قادرە و كور وكچ و زاوای سوری خۆی كردوە بەهەموو شتێك لە دەزگای حزبی وحكومی وپەرلەمانی و داوای عبادە لە خەڵكی دەكات.

ئەوەتا نازە خانی كچی لەپەرلەمان جێگەیەكی پێ دراوە كە بەخەونیش هەق نییە بیبینێ چۆن ئاسودەی ئەم كارە نابەجێیانەت لەبەرچاون لێكەرێن با پاكی رێی خۆی بگرێتە بەر لە زاگرۆس پتر لە 26 جار داوای كۆبوونەوە دەكرێ، كەچی كوڕی محەمەدی لای بەرێزت بەترساندن و هەڕەشە كارمەندان چاو ترسێن دەكات و ئیهانەی باشترین كارمەندی ئافرەت دەكات و هەرەشەی دەركردنی دەكات، هەر ئەوەشە كەوای كردووە دوجار بەشەق تێیهەڵبدرێ لەفرۆكەخانە وپاركی سامی چونكە دكتاتۆرانە هەرەشەی دەسەڵاتی (باوكی كەپێت بەخشیوە) لە خەڵك دەكات، عەیبە نیە كارەكانتان راست بكنەوە، بەڵكو عەیب ئەوەیە تۆش بەشداربی لەم كارانەدا، با مەهاباد قەرەداغی كە ئەوەندەی مووچەی ئەو بنەماڵەیەی رۆشەنبیر نین بابەتی زۆر باشی هەیە بۆ نازنازی حمە و مەحمود لاتان پەسەندی پلەیە چۆن دەبێ بنەماڵەیەک هەموو كوردستان داگیر كاو غەدریش و تەعەداش لەخەڵكی فەقیر كات رۆژ رۆژی بنەماڵەیە گەر تۆ چارەسەری ناكەیت هاوار بەخوا، غەدر لای ئەو قبول ناكرێ دونیاكە بۆ سەددام نەما. با ئافرەتیش هەست بەبوونی خۆی بكات ریگایەكی بۆ برەخسێ لەكوردستان گەر وا نەكەیت ئێمەش هەر غەریب دەبین وخۆمان ناكەین بەخۆراكی غەدر ودەسەلات.